
# راگەیاندنی ئەنجامەکانی راپرسی رای گشتی لەسەر بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە هەریمی کوردستان

دوای بلاو بوونەوەی دەنگۆی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستان و دەرکەوتنی چەند حالەتێکی تووشبوو لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، بۆ تەشەنە نەکردن و کۆنترۆلکردنی ئەم ڤایرۆسە حکومەتی هەرێم لە ١٤ ئەم مانگە کۆمەلێک رێکاری راگەیاند بۆ بەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا کە کاریگەری راستەوخۆی هەبوو لەسەر تەواوی کۆمەلگا و داوا لە هاوولاتیان کرا لە مال دەرنەچن و زۆربەی چالاکیەکان وەستێنران. بۆ زانینی ڕا و بۆچوونی هاوولاتیان لەسەر ئەو رێکارانە دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان لەژێر چاودێری وەزارەتی پلاندانان بۆ یەکەم جار بەشێوەی Online ئەم راپرسییەی ئەنجامدرا و لەبەرواری 2020/3/24 بۆ ماوەی 48 کاتژمێر بەردەوام بوو. مەبەست لە ئەنجامدانی ئەم راپرسیە وەرگرتنی راوبۆچوونی هاولاتیانی هەرێمی کوردستانە لەسەر ئەو بارودۆخە تەندروستی یە نەخوازراوەی رووی لە ناوچەکە کردووە و لەلایەکی ترەوە ببێتە یەکێك لە رێنیشاندەرەکان بۆ حکومەت تاکو کاری لەسەر بکات.


- بەشێوەیەکی گشتی لە 49037 کەس لە هەردوو رەگەزی نێر و مێ بەشدارییان لەم راپرسیە کردووە، بەکۆی 48082 کەس لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان (هەولێر،سلێمانی، دهۆك، هەلەبجە، هەردوو ئیدارەی گەرمیان و راپەرین) بەشداربوونە و بە کۆی 955 کەس لەدەرەوەی هەرێمی کوردستان (هاولاتیانی ئەوروپاش دەگرێتەوە) بەشداربوونە.

هێلکاری ١: رێژەی سەدی بەشداربووان بە پێی شوێنی نیشتەجێبوون




- ئەوەی جێگای سەرنجە و بە نیشاندەرێکی ئەرێنی دادەنرێت کە بەشداریکردنی رێژەیەکی بەرچاوی رەگەزی مێینەیە بەرێژەی 44.6% وەلامی ئەم راپرسییەیان داوەتەو لەبەرمبەردا رێژەی رەگەزی نێر 55.4% ئەمەش بەمانای ئەوەی دێت کە لە ئێستادا بەشێکی زۆر لە رەگەزی مێ توانی بەکارهێنانی ئەنتەرنێت و دەست گەیشتن بە تەکنەلۆجیایان هەیە.

هێلکاری٢: رێژەی سەدی بەشداربووان بەپێی رەگەز




- بە رێژەی 86.4% هاولاتیانی بەشداربوو لە راپرسییەکە لە بڕوایەدان کە ئاستی بەرپرسیارێتی (حکومەتی هەرێمی کوردستان) لە رووبەرووبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە هەرێمدا باشە و بەرێژەی 8.8% رایان وایە بەشێوەیەکی مامناوەند بەرپرسیاریەتی وەرگرتووە و لە هەمان کاتدا ریان وایە بەرێژەی 4.8% حکومەتی هەرێم بەشێوەیەکی کەم بەرپرسیاریەتی لە ئەستۆگرتووە.
- سەبارەت بەگرنگترین کێشە کە لەئێستادا رووبەرووی هاولاتیان بونەتەوە لە هەرێمی کوردستان، رێژەی 73.7% لەو کەسانەی وەلامیان داوەتەوە تووشی کێشەی ئابووری بوونەتەوە و 44.7% توشی کێشەی بێکاری بوونەتەوە و 23.7% توشی کێشەی تەندروستی بوونە و 25.9% توشی کێشەی کۆمەلآیەتی بوونەتەوە و 25.1% توشی کێشەی پەروەردە بونەتەوە.

هێلکاری ٣:رێژەی سەدی گرنگترین کێشە کە لەئێستادا رووبەرووی هاولاتیان بویتەوە لە هەرێمی کوردستان



- سەبارەت توندکردنی ڕێکارەکان و درێژ کردنەوەی ماوەی پشوو ، 85.1 % لەگەڵ ئەوەدان ڕێکارەکان توندتر بکرێت و پشووەکان درێژ بکرێتەوە ، 8% لەگەڵ ئەوە نین و 6.9% بە نازانم وەلامیان داوەتەوە.

هێڵکاری ٤: ڕای بەشداربووان لەسەرتوندتر و درێژکردنەوەی ڕێکارەکانی( قەدەغەی هاتووچۆ , پشوو) تاکۆتایی هێنانی بە مەترسی بوونی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە هەرێمدا %

